# لێرەوە..تا..ئەوێ... مەرجانی یەکەم

فەهد گردەوانی
هەرجارەی دەینووسێت



یەکەم... لێرەوە..تا..ئەوێ...لە ماوەی ڕابووردوو دا، گۆشەیەکی تایبەتیم هەبوو ، بە ناوی پانۆڕاما. ژمارەی ئەو پانۆڕامانەم گەیاندە دوازدە. هەر پانۆڕامایەکیش دابەش ببوو بە سەر چەند بابەتی نووسراوی جیا جیا. لەمەودوا ئەو گۆشەیە دەبێتە جێگری پانۆڕاما و بەناوی {لێرەوە..تا ئەوێ..}بڵاویان دەکەمەوە.ئەگەر تەمەنیش ڕێگای دا و گەیشتینە 12 بەشی تر ، ئەوا ناوی گۆشکەکە دەگۆڕین بۆ شتێکی تر. خزمەت کردنی پەیڤی کوردی بەبێ ئەوەی قەڵەمەکەت نوک شۆڕ بکەیت بۆ دەسەڵات ، کارێکی ئاسان نی یە ، بە هەموو نووسەرێک ئەنجام نادرێت. ئەو قەڵەمانە بە زیندوویی دەمێنێتەوە و هەردەم ئەو نووسینانە نەمرن ، کە خۆیان نافرۆشن . لە ترسی قەڵەم ، دەسەڵات هەردەم زەندەقی چووە و هەوڵدەدات بە هەر جۆرێک بێت قەڵەمەکان سەر شۆڕ بکات .دەسەڵات پارەوپول دابەش دەکات ، جا مەرج نی یە چەند لەسەری دەوەستێت و چەندیش لە پێناوی ئەو سەر نەوی کردنانە خەرج دەکات. سەدام حوسێنی خوێنڕێژ بۆ پڕوپاگەندەکردنی خۆی و دەسەڵاتەکەی ، دۆلار و نەفتی[نەوت] دەبەخشیەوە و ڕۆژانە لە بەغدای پایەتەختی ، فیستیڤاڵ و مەربەدی شیعر خوێندنەوە و ئاهەنگی ڕێک دەخست و شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی کۆ دەکردەوە و ئەو قەڵەم بە دەستانەی هەڵدپەراند و کیسەی بۆ فڕێ دەدان ، ئەوانیش بەبێ دوودڵی کردن ، بەسەروگێلاکیان هەڵدەدا. هەنووکەش وا لە جیهانی عارەبی ئەو برسیانەی نەوت و دۆلاری سەدام بۆ سەرۆکە مردووەکەیان دەگرین و شیوەن دەکەن بۆ کوڕەکەی [شە... حۆجە]. قەڵەم بە دەستی لای خۆشمان هەیە نووکی پێنووسەکەی ڕۆژانە لە پێناوی هەندۆکەک دۆلار و شتی تر ئەوبەر و ئەوبەر دەکات و زۆر بێشەرمانەش باسی دیموکراسی بوونی قەڵەم دەکات و خەڵکی ئامۆژگاری دەکات چۆن بنووسن و بۆ کێ بنووسن .قەڵەم هەڵگرتن و پارێزگاری کردنی ئەو پەیڤە بە نرخانە کاری هەموو کەسێک نی یە و هەموو نووسەرێکیش لەو مەیدانە سوار چاک نی یە. هەردەم سەر فراز و سەر بەرزە ئەو قەڵەمەی بە سەربەرزی دەنووسێت

دووەم...چوار دوعا..دژی تێرۆڕ...یەکەم...خوایە ئەگەر منداڵێکی ساوام لە خوێن گەوزاند و کوشت...لەو دنیا یە بە دۆزەخم شاد بکە و لە خۆشی حۆریان بێبەشم بکە. دووەم...خوایە ئەگەر پیرەژن و پیرەمێردی بێتاوانم پارچە پارچە کرد...لە بەهەشتی خۆت بێبەریم بکە و وەکو [ئەبولەهب] هەتا ڕۆژی قیامەت ئازارم بدە. سێیەم...خوایە ئەگەر زەندەقی خەڵک دەبەم و گوێیان بەو دەنگە ترسناکانە، کەڕ دەکەم و دەست و قاچیان دەقرتێنم و لە کاسبی و کارکردندا بێبەشیان دەکەم و لێناگەڕێم بە ئاسوودەیی بژین...لە بەهەشتی خۆت بێبەشم بکە و بمخەرە ناو ئاگرەکەی خۆت، کە هەتا قیامەت دادێت، بسووتێم و چاک نەبمەوە. چوارەم...خوایە ئەگەر بەو ڕەوشت و دڵە ڕەقە ، ئەو مرۆڤانەی کە تۆ دروستت کردوون و سەریان دەبڕم و لە ناویان دەبەم ،پێش ئەوەی خۆم بتەقێنمەوە ، رامبگر و لە جێی خۆم بمتاوێنەوە و ڕەقم کەوە، هەتا کەس ئازار نەدەم .

سێیەم... نازک مەلایکە... ژنە شاعیری بەناوبانگی ئەدەبی عارەبی بوو. لەگەڵ هاوڕێ یەکانی بەدر شاکر سەیاب و سەعدی یوسف و بلند حەیدەری و عەبدولوهاب بەیاتی ، تەکانێکی گەوریان دا شیعری تازەی عێراقی

و عارەبی . ئەو ڕۆژە واتە سەردەمی چلەکان بارێکی ئاوا گونجاو نەبووە ، بۆ کیژ و ژن بەو شێوەیە بێتە مەیدان و جڵەوی ئەدەب بە دەستەوە بگرێت. نازک ئەلمەلایکە دەوروبەری یارمەتی دەری بووبن یا بەهرەی هاندەری بێت ،ئەو ئەرکەی کەوتە شانی و بووە یەکێک لەو دەنگانەی شیعری تازە ، ئەگەر سەرکردەیشی نەبێت. نازک مەلایکە بە شیعری [کۆلێرا]هاتە سەر شەقام و بووە یەکێک لەو شاعیرانەی لە خۆپیشاندانی شیعری تازەدا لافیتە و ئاڵایەکەی بە دەستەوە بووە و بەرزیکردۆتەوە. عێراقی ئەوکاتە بۆ جیهانی عارەبی بووە قوتابخانەی شیعری تازە و پەردەی لەسەر شیعری تازە هەڵدایەوە. لە تەنیشت ئەو مەزاری [عەلی و حوسێن]ە، محەمەد مەهدی جەواهیری و هادی عەلەوی هاتنە جیهانی نووسین و کەچی هەنووکەش هەر لەو شوێنە خەڵکی بە زنجیر و شیر و چەقۆ لە خۆی دەدات و بەپێی خواسی هەڵدەپەڕی .لەو بەسرایەی ئەو کاتە کە بەدر شاکر سەیاب و سەعدی یوسفی خستە بەرچاوی خوێندەواری جیهان ، ئێستاکە هەر لەوێ لەسەر ئایین و بیروڕا عومەر عەلی دەکوژێ و عەلی عومەر ریسوا دەکات و عومەر و عەلی دراوسێ و کۆنە دۆستی یان کە مام حەنا بوو ، شار بەدەر دەکات.ئەو عێراقە مۆزایکە کەی دەبێتەوە ڕابەڕی ئەدەب و نوێکردنەوەی فەرهەنگ .

چوارەم...قەڵاتی پیرەهەولێر... ئەگەر ببینە دەوڵەت و خەڵکی بێگانە بۆ حەسانەوە و بینین، زوو زوو رووومان تێبکەن. ڕەنگە قەڵاتەکەی هەولێریش ببێتە جێگای سەرسوڕمانی ئەو گەریدانەی کە رووی تێدەکەن .لە هیچ وڵاتێک چوار خوا نەنێژراوە و گۆڕستانی خوای لێ نی یە. لەو پیرە هەولێرە و بە زمانی کۆنی ئارامی/ ئاشوری یەکان ئارب ئیلو یە.هەر تەنها 80 کیلۆمەتر لە موسڵ دوورە ،کەئەوێش شارستانیەتی نەینەوای تێدا بووە.هەولێر یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی جیهان کە ژیانی تێدا بووە. ئەسکەندەری گەورە و سەلاحەدینی ئەیوبی لە هەولێر دەسەڵاتدار بووینە. هەر لە هەولێر خوای عەشتار یان پەرستووە و ئاسووری یەکان بۆ زیارەت هاتوونەتە هەولێر و وەکو شوێنی پیرۆز پەرستوویانە. ئیسلام لە سەردەمی دەسەڵاتداری خەلیفە عومەری کوری خەتاب بە سەرکردایەتی [عتبە بن فرقد] داگیری کردووە و خەڵکی کردووە بە ئیسلام .دوو هەزار ساڵ[2000]پێش زایینی سۆمەری یەکان ناوی هەولێریان هێناوە. ئەربائیلۆ ئەو هەولێرە یە کە هەنووکە پایەتەختی هەرێمی کوردستانە و هاو تەمەنی شارە کۆنەکانی جیهانە. لەو ڕۆژانە حەوت سەرسوڕهێنەرە تازەکەی جیهان دەست نیشان کرا و یەکێک لەو شوێنانە، کە بووە هۆی هەڵپەڕاندن و دڵخۆشی ئوردونیەکان شاری [پێترا] بوو کە دەستنیشان کرا. بۆ ئەو ڕۆژەش خەڵکی کوردستان ئاهەنگی شادی بگێڕن بۆ دەستنیشانکردنی پیرەهەولێرێ.چاوەڕوانی سەربەخۆیی و بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی دیموکراتی دەکەین کە بێتە دی.

**خزمەتگوزاری و نوژەنکردنەوەی قەڵاتی هەولێر لەسەر نەخشەی کۆن ، ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و دەبێت پارێزگاری شوێنە کۆنەکان بکرێت و لە لەناو بردنیان رزگار بکرێن .**

پێنجەم...ئینجیلی 2000 بە سویدی ...سویدی یەکان شیعری یان لا پیرۆز ترە لە کتابی ئاسمانی ئینجیل . لە ساڵی 2000 ئینجیلەکی تازەیان چاپ کردوو هەندێک رستەیان کورت کردەوە و دەستکاریان کرد ،بەڵام هەتا ئەمڕۆکە دێڕە شیعرەکی شاعیرەکی خۆیان قڕت نەکردووە و کورت نەکردۆتەوە . لای خۆمان دەیان شیعر لە سێدارە دەدەن و دیوان لە ڕەقابە دەرناچێت . چونکە بەرژەوەندی دەسەڵاتی لەبەرچاو نەگرتووە و دەسەڵات دەهەژێنی .سەدام حوسێن بۆ فریودانی خەڵکی لەسەر ئاڵای عێراق [الله اکبر]ی نووسی ، هەر لە هەمان کاتیش هەزاران مزگەوتی کردە خاک و ماڵی خوای خاپوور دەکرد.

شەشەم...پرۆفیسۆر ئەورەحمان حاجی مارف...بە کارەساتێکی دڵتەزێن ڕۆژی 2007/7/9 لە تەمەنی 67 ساڵیدا ماڵئاوایی لە ووشەی کوردی کرد. هەتا دەستی قەڵەمی گرت ، لە پێناوی خزمەت کردنی پەیڤی کوردی

**و ووشەی کوردی لە تێکۆشاندابوو، بەداخەوە کورد شارەزایەکی ڕێزمان و زمانی کوردی لەدەست دا.چەپکەگوڵێک بۆ سەر گلکۆی مامۆستا ئەورەحمان .**

**حەفتەم... مەلای مزگەوتی سووری پاکستان...گروپە ئیسلامییەکان کە هەوڵدەدەن ئیمپریالیزمی کۆنە برایان و هاوخەباتیان بروخێنن و ئەوڕوپا و ئەمریکا بکاتە موسڵمان ،هەنووکە هەزار و یەک ناو دەبیننەوە، بۆ ئەو مەلایە [پیاوە ئایینیەی] پاکستانی کە خۆی لەناو جلوبەرگی ژنان ، رزگار کردووە .پیاو کە تێکۆشەر بوو مەحاڵە خۆی بە جلی ژنان لە مردن رزگار بکات ، لای خۆمان و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامی ، شەرم و شوورەیی یە، تێکۆشەر خۆی بخاتە ناو جلی ئافرەتان . کەچی ئەو پیاوە بە شانازی یەوە خۆی خستە ناو ژنان و بە جلی حیجابی ژنان خۆی رزگار کرد.ئەوانە منداڵ و گەنجی خەڵکی دەکەنە خۆراکی کورسی ومانەوەی خۆیان و رەوانەیان دەکەن بۆ مردن ، کە خۆیان لەناو رەشوروت و بێتاوان بتەقێننەوە ، لە پێناوی حەفتاوهەندێک حۆری بە هەشت .کەچی مەلا نایەوێت خۆی بچیتە ئەو نیعمەتە و خۆی بەجلی ژنان رزگار دەکات . ئەو گەنجانەی بە دوای ئەو مێشک ژەنگاویانە کەوتوون ، دەبێ لە خوای خۆیان بپرسن بۆچی بۆ ئەوان حەڵاڵە خۆیان بکەنە خەڵووز ، بەڵام مەلا و شێخە کانیان خۆیان لە جلی ژنان رزگار دەکەن . تێکۆشان لە پێناوی بیروباوەڕ و لە پێناوی هێنانەدی مافەکانی مرۆڤ سەرفرازی یە بۆ مرۆڤی تێکۆشەر .**

**فەهد گردەوانی2007/7/7ستۆکهۆلم**